# پاسەوانی ئازادیی پێنووس و نەیاری ڕاستینەی سانسۆر



**هۆمەر نۆریاویی**

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان لەبەر ڕۆشنایی ڕوانگە و بۆچوونەکان

وشەیەکی پێویست:

دەمێکە ئاشنا بە هاژەی ڕۆحێکم، هەتا دێت زێتر وەبەر شەپۆلانی گیانە بێگەردەکەی دەکەوم. لەو دەمەوەی بۆ یەکەمجار گیان، ئاشنا بە دەقەرەکانی دەروونی ئەم زاتە نیگا ئەرخەوانییە بوو، هەتا ئەو ساتەی لە نێزیکەوە چاوم بە فرمێسکی نیگای کەوت، بەردەوام هەر ڕێبوارێکی شەیدا بە لق و پۆی دارئەرخەوانەکانی ئەو هەناسە پاکە بوومە. هەنووکە، گەلێک سالآن بەسەر ئەو ڕۆژانە و ئەو دەمانەدا تێپەڕیوە و ئیدی

وەک جاری جاران، کوا بۆم دەلوێت، لەژێر نسێی گیانیدا،تاوێک بەدەم گفتی دڵپاکانەیەوە، ئۆقرەیەک بەم گیانە شەکەتەم ببەخشم!! بەڵام هەر جارەو لەودیو شووشەی نیگارینی دڵستانەکەی کتێبەوە، چاوم بە تیشکی هەسارەیەکی دەکەوێت(دەگەشێتەوە)، ئۆخژنێکم دێتێ و پڕ بە گیان، لە هەناسەکانی ئەو هەسارە ڕووناکە هەڵدەمژم و لە بۆنی دارئەخەوانەکانی پێ بناری ڕۆحی، مەستی مەست ئەبم.

ئەم چەند پەیڤەی نێو ناخ، ڕووی لە نووسەری تا سەر ئێسقان مرۆدۆست و نیشتمانپەروەر "ئەلی ئەشرەف دەروێشیان"ە و پێش دواکۆچەکەی نووسراوە. ئەوەی دەخرێتە بەر دیدەی تۆی خوێنەر، ڕوانگە و بۆچوونی دەیان نووسەر و ڕووناکبیری کورد و ناکوردە لەسەر "دەروێشیان"ی مرۆدۆست و لە ئەنجامی گەڕانێکی زۆرەوە لێرە و لەوێ دەست کەوتووە و گرد و کۆ کراوەتەوە هەتا پتر خوێنەری کورد ئاشنا بکات بە پێنووس و ڕۆحە سەرکێش و ناخە لێوڕێژ لە خۆشەویستیی و مرۆدۆستییەکەی ئەم گەورە نووسەرە.

***

"ڕاستییەکانی ژیان و دنیای چوارتەنیشت، لەبەر ئەوەی بنەماڵەکەم کرێکار بوون، هەردەم لە لام پرسێکی بەرهەست و ڕوون بووە بەڵام دایەگەورەم (نەنە)بە گێڕانەوەی چیرۆکە کوردییەکان، زەین و مێشکێکی خەیاڵاویی پێ بەخشیم و ڕووبەری خەیاڵی فرەوانتر کردم. ئەو دەمەی لە کرماشان قۆڵبەست کرام، تۆمارکەرێکی دەنگم دا بە "شاناز"ی هاوژینم هەتا ئەو چیرۆکانە لە زمان "نەنە"و دیترانەوە تۆمار بکات و نەهێڵێت ئیشەکەم بوەستێت. پەروەراندنی خەیاڵ، بۆ درەوشانەوەمان لە ئاستی جیهانیدا، زۆر زۆر گرینگە و پێموایە یەک لە ئەرکە سەرەکییەکانی خوێندنگە و قوتابخانەکانی ئێمە، پەروەراندنی هەستی خەیاڵ لای منداڵانی قوتابییە".

## ئەلی ئەشرەف دەروێشیان ئەم هەموو بوردەبارییەی لە کوێ هێناوە

### مەحموود دەوڵەتئابادی - نووسەر و فیلمنامەنووس

خەمی توێژی دەستکورتی کۆمەڵ، پەرۆشیی سەرەکیی خامە و نووسینەکانی ئەلی ئەشرەف دەروێشیان بوو. بە درێژایی ساڵانی ژیانی، ئەوەندە ئازار و مەینەتی چێشت و ئەوەند کەند و کۆسپی کەوتە سەرڕێ و ئەوەندە دڵەکەیان ئێشاند کە بەڕاستی نازانم ئەم هەموو بوردەبارییەی چلۆن و لە کوێ هێنابوو؟

ئەدەبی زارۆکانی ئێران، یەک لە پێشەنگەکانی خۆی لە دەست دا. ئەلی ئەشرەف دەروێشیان کە بۆ خۆی لە نێو خێزانێکی هەژاردا لەدایک بوو بوو، لە ناو بەرهەمەکانیشیدا ئاوڕی لە کێشە، گرفت و ئارمانجەکانی توێژی هەژار و دەستکورتی کۆمەڵ دەدایەوە و بە توندیش بەرەنگاری کۆنەپەرستی و بت دروستکردن دەبووەوە. دەروێشیان، دەچێتە ڕیزی ئەو نووسەرانەی کە هەتا دوا دەمی ژین بەرانبەر ئارمانجەکانی دادپەروەریخوازانەی خۆی وەفادار مایەوە و وەک زۆر کوڕی ڕۆژ و مرۆی هەلپەرست نەژیا و هەر لەبەر ئەمەیش تووشی ئازارێکی زۆر هات؛ دەروێشیان، لە بەرەی ئەو چەشنە مرۆڤانەیە کە ئیدی پاتە نابنەوە.

### جەمال میرسادقی - چیرۆکنووسی ناسراوی ئێرانی

بە بێ مەرایی دەروێشیان، یەک لە نەجیب ترین و خۆڕاگرترین نووسەرانی نێو تۆرە و وێژەی هاوچەرخی فارسییە. بە پێچەوانەی زۆربەی ئێمەی نووسەر کە لە کاتی نووسینی بەرهەمەکانماندا کە خوێنەر و بەردەنگی خۆ دەستنیشان ناکەین، دەروێشیان بەو ناسیارییە وردەی لەسەر بەردەنگ و خوێنەری خۆی هەیبوو، زۆر ژیرانە و بە وریاییەوە خوێنەری نووسینەکانی پێشتر دەستنیشان دەکرد. ئەو چاک

دەیزانی بۆ کامە توێژی کۆمەڵ دەنووسێت و بە وشیاریی و ئاگاییەوە پێی دەنایە نێو ئەم مەیدانەوە. زۆر زێتر لە فۆرم و شێواز، بیری لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی دەکردەوە بەڵام بەو چەشنە نەبوو کە دەستبەرداری فۆرم بێت. نووسەرێکی زۆر بەدەروەست بوو هەر بۆیە ئەوەندە وەبەر ئازار دەکەوت. لە باری ئەخلاقییشەوە،ئەلی ئەشرەف، هاوڕێ و هەڤاڵێکی کەموێنە بوو، زۆر لە دڵەوە نزیک و خۆشەویست و هەرگیز درۆ و مەرایی بەلایدا نەدەچوو. گەلێک سادە و ساکار دەژیا.

حەسەن میرعابدینی - ڕەخنەگر و توێژەری ئەدەبی

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، یەک لە نووسەرە هەرە دیار و کاریگەرەکانی نێو ئەدەبی هاوچەرخی فارسییە. بەشێکی ڕیالیزمی ئەدەبی فارسییمان قەرزباری نووسینەکانیەتی. لە پەنا گەورە نووسەرانی وەک بوزۆرگ عەلەوی، ئەحمەد مەحموود و هەروەها مەحموود دەوڵەتئابادی، دەروێشیانیش بە یەک لە نوێنەرەکانی ئەم ڕەوتە ئەدەبییەی ئێران دادەنرێت. لە نووسینەکانیدا دووی شتێک دەکەوت کە دوائامانجی ئەدەبە. هەڵسوکەوت و ڕەوتاری مرۆیی یان مرۆی چاکبوون، ئامانجێکە کە لە نێو هەر کامە لە نووسینەکانیدا بە دوایدا دەچوو. پێموایە ناوی دەروێشیان لەبەر گەلێک هۆ و هەگەر بۆ هەمیشە لە نێو مێژووی فەرهەنگ و تۆرەی فارسیدا دەمێنێتەوە، دەروێشیان لەبەر نووسینەکانی، خودان پێگەیەکی هەرە باڵا لە ئەدەبی ڕیالیزمی ئێرانیدایە و ئەم پرسە لە نێو بەشێکی فرەی بەرهەمەکانیدا دەبینرێت.

فەرزانە تاهیری - وەرگێڕ و بەڕێوەبەری بنکەی گوڵشیری

شەرافەت و گەورەیی قەڵەم و ژیانی ئەلی ئەشرەف دەروێشیان کەموێنە بوو. نموونەی ئەو، بەم ڕۆژانە ئەوەندە دەگمەنن کە دەبێت هەوڵ بدەین تا بەم چەشنە سەربەرزانە ژیان بەسەربردن بکەینە سەرچەشن بۆ خۆمان. دەروێشیان، هەرگیز ملی بۆ ناپاکییەکانی ڕۆژگار نەوی نەکرد و قەت خامەکەی هەرزانفرۆش نەکرد. هەتا دوا دەمی ژین بەرانبەر بەو پرەنسیب و بەها و بنەما و پرسە جەوهەرییانەی کە بڕوای پێیان بوو، وەفادار مایەوە.

## حەسەن کیائیان - بەڕێوەبەری پەخشکاری چەشمە

دەروێشیان، یەک لەو نووسەرانەی هاوچەرخ بوو کە هەرگیز بەڵێنەکەی خۆی بەرانبەر خەڵکی نیشتمانەکەی لە بیر نەکرد و هەر لەبەر ئەمەیش تووشی بگرە و بەردەیەکی زۆر هات. ئەو نووسەرەی کە نە تەنێ چیرۆکی ئازار و مەینەتییەکانی جەماوەری وڵاتەکەی دەگێڕایەوە بگرە گرینگتر لەوەیش لەگەڵ ئەو چیرۆکانەدا ژیا.

## شارام نازری - موزیکزان و سترانبێژی ناودار

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، یەک لە کەسایەتییە ناودارەکانی ئێران بوو کە تا کاتێک لە ژیاندا بوو بە قەدەر پێویست قەدرزانی نەبووین. ئەم جۆرە مرۆیانە وەک چرایەکی گەش لە نێو تاریکایی ئەم جیهانەدا دەدرەوشێنەوە.

## میرجەلالەدین کەزازی - نووسەر و توێژەری ئەدەبی

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، ئەو نووسەرەیە کە ناوی بۆ هەمیشە لە مێژووی تۆرە و فەرهەنگی ئێرانیدا دەمێنێتەوە. هەوێنی زۆربەی ڕۆمان و چیرۆکەکانی، ژیانی خۆیەتی. ئەوەی دەروێشیان نووسیویەتی، خودی ڕاستییەکانی ژیانە.

مەسعوود جەعفەریی جۆزانی - سینەماکار و دەرهێنەر

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، کەسایەتییەکی ناوازە و دەنگی خەڵکانێک بوو کە لە نێو ڕاستییەکانی ژیاندا دەژیان. ئەو بەرانبەر بەوان وەفادار بوو. لە نووسینەکانیدا هەر وەک ژیانی، دەژیا. بە لای درۆ و ڕووبینی و مەراییکاریدا نەدەچوو. هەر هەمان بوو کە دەینووسی.

شەمس لەنگڕوودی - شاعیری نوێخواز، توێژەری ئەدەبی

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان لە نێو چاخی زارۆکایەتی ئینسانییەت و مرۆڤایەتیدا دەژیا؛ بە پانۆڕامایەکی جوان بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی. لە سەردەمی گەنجیی ئێمەدا، ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، یەک لە هۆکارەکانی ورشەبەخش بە ژیان بوو؛ هەروەها نووسینەکانی،گوڕ و تینیان بە مرۆ دەبەخشی و بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی ژیانی بۆش و بەتاڵ لە واتا، ورەبەخش بوون.

سەیید عەلی ساڵحی - شاعیری ناسراوی هاوچەرخ

"ڕێ"

بەم ڕۆژانە

"سەمەد" بە "دەروێشیان" بانگ دەکەم،

ئەلی ئەشرەف بە بێڕەنگی.

بەم ڕۆژانە هێشتا

ماسییە ڕەشە چکۆڵە

وا بیر لە ڕێی دووری دنیا دەکاتەوە.

بەم ڕۆژانە

هەر سات ڕەنگە نیاز ئەلی نەدار

لە شوێنێک وەک گۆشەی باشووری گۆڕەپانی "ئینقلاب"

فاڵەکانی خۆی

مفت و خۆڕایی بە حەودا بەرز بکاتەوە،

تا خەڵک لە ترافیکی بێ کۆتایی پێتەخت

دابەزن، ببینن:

قەرەباڵغی کێی ئەم هەموو مرۆیە

حەتم هۆکارێکی تایبەتی هەبێت.

هەموو کەسێک بڕوا ناکات،

بوەستێ و بۆ خۆی ببینێ:

"ئەرەس" وەڕێ کەوتووە و چووە

تا گەیشتووەتە کرماشان!

***

حافز مووسەوی - شاعیری هاوچەرخ

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، دوا ڕووپەڕی گەش و درەوشاوەی ئەدەبی دەروەستی دەیەی پەنجای هەتاویی بوو. دەروێشیان هەر وەک سەمەد لە ناخی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵیبوو. تێگەیشتنی بەرانبەر خەڵک، هەژاری،برسیەتی، ماڵ وەکۆڵی، تێگەیشتنێکی قاقەزین نەبوو. ئەلی ئەشرەف بەڕاستی سادە و خاکەڕا بوو. لە هەمان حاڵدا ڕووناکبیرێکی ڕاستینە بوو، ناخی لیوڕێژ بوو لە شۆقی منداڵانە، سادەیی گوندییانە و ئەوین بەرانبەر ژیان.

زیا موەحێد - پیتۆڵ و شاعیر

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، نووسەرێکی تەواو سیاسی و هەستیار بەرانبەر ئارێشە و کێشە جڤاکییەکان بوو و بە خامە بەپێز و بەبڕشتەکەی، بە ئاشکرا زمانی بە ڕەخنە دەکرایەوە. مرۆیەکی بەڕاستی خۆشەویست و بێ پێچ و پەنا و قسەسوور کە هەر ئەم تایبەتمەندییە، گەلێک جار تووشی ئارێشەی دەکرد.

***

عەبدوڵلا حەسەنزادە - ڕووناکبیر و نووسەر

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، نووسەری هەژاران و چەوساوەکانە. هەوێنی بنەڕەتیی چیرۆکەکانی ئەلی ئەشرەف دەروێشیان ڕووداوەکانی ژیانی هەژاران و چینە نەدار و دەستکورتەکانە.

***

شارام ئیقبالْ زادە - وەرگێڕ، نووسەر، هەڵەچن و ڕەخنەگری بواری ئەدەبی منالان

ئەدەبی ئەلی ئەشرەف بە کورتی و بە کوردی، ئەدەبی دادگەریی و بەرەنگاریی و بەرخۆدانە.

موحسین حەکیمی - وەرگێڕی کرماشانی

دەروێشیان، بگێڕی ڕاستینە و ڕاستبێژی ئەزموونەکانی بوو. گەر سانسۆر دەستبەرداری بووایە ڕەنگە ئەلی ئەشرەف دەروێشیان زۆر باڵابەرزتر لە ئەدەبدا دەرکەوتبایە.

مەنسوور یاقووتی - چیرۆکنووس و ڕەخنەگری ئەدەبی

دیاردەی دەروەستبوونی ئەدەب بەرانبەر چین و توێژی هەژار و دەستکورت، تایبەتمەندی سەرەکی نێو بەرهەمەکانی دەروێشیان بوو.

ئەکبەر مەعسووم بەگی - کۆمەڵناس و وەرگێڕ

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، لە ڕۆژگار و سەردەمی ئابڕووودۆڕاوی ئێمەدا، ئابڕوو و حورمەتی سەردەم و چاخی مە بوو.

هادی ڕەحمانزادە - شارەزای بواری میدیا و ڕاگەیاندن

دەروێشیان بە درێژایی ژیانی پڕ هەوراز و نشێوی، هەردەم بەرانبەر پێگەی قەڵەم و شێوازی نووسینەکەی وەفادار مایەوە و گۆڕانکاریی لە شێوازە ئەدەبییەکاندا کە دەرەنجامی قۆناخە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتییەکان بووە، هەرگیز لە بەڵێنەکەی لە هەمبەر "مرۆڤ"دا پاشگەزی نەکردۆتەوە.

کاوان محەممەدپوور - ڕۆژنامەوان و ڕەخنەگری ئەدەبی

هەموو کاراکتەرەکانی دەروێشیان سەر بە توێژی بەرستەمکەوتە و هەژاری کۆمەڵگەکەین و زۆر جوان ناتۆرالیزمی ئەدەبی و ڕیالیزمی جڤاکی پێکەوە گرێ داوە.

فەرهاد گۆران - نووسەر و ڕۆژنامەنووس

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، هێمای بەرەیەک لە نووسەرانی ئێرانییە کە نووسینیان نەکردووە و ناکەنە قوربانیی ناو و ناوبانگی خۆ.

بیرکردنەوە و تێڕامان لەسەر کارەسات و، هەوڵی بێوچان بۆ تێپەڕاندن و دەربازبوون لێی، ئەرکی ئەلی ئەشرەف دەروێشیان لە هەر هەموو ماوەی ژیانی سەربەرزانەیدایە.

ڕەزا خەندان مەهابادی - نووسەر، ڕەخنەگر و هاوڕێی دەروێشیان

ئەلی ئەشرەف، پارێکی دانەبڕاو بوو لە ئارمانجەکانی. زۆرن ئەوانەی ئاوات و ئامانجی جوانیان هەیە و زۆریش لەسەر هەمان بنەما هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام دەگمەنن ئەوانەی کە ئارمانجەکانیان، بەشێک لە کەسایەتییان بێت؛ ئەلی ئەشرەف، یەک لەو جۆرە مرۆیانە بوو.

نیکی کەریمی - ئەکتەر و دەرهێنەر

نووسینەکانی پڕپانە لە وێنە بۆیە ئەوەندە لەسەر مرۆ کاریگەرن. ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، یەکێک بوو لە نووسەرە هەرە گەورە و کاریگەرەکانی سەردەمی منداڵی و هەمیشەی من.

عەبدوڕەزا قەنبەری - چالاکوانی فەرهەنگی

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، چیرۆکی خەڵکانی پەنا و پەسیوی ئاشوورا و قەراخ چۆمی قەرەسووی دەگێڕایەوە. شەست ساڵی تەمەنی خستە خزمەت ڕاچڵەکاندن و وشیارکردنەوەی ئەو کۆمەڵگەیەی کە خەونەکەی زۆر قورسترە لە چیای دەماوەند. دەکرێت پێی بڵێین سیمای ڕەنجدیتووی ئەدەبی ئێرانی.

ئیقباڵ ئیقباڵی - چالاکوانی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتی

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، دەچێتە ڕیزی ئەو ڕۆشنبیرانەی کە زایەڵەی دەنگەکەیان بۆ هەمیشە لە مێژووی ئێمەدا بەرز دەبێت و دەزرنگێتەوە. ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، نە تەنێ مرۆیەکی خودان ڕێز، نووسەرێکی بوێر و هزرمەندێکی ناودیار، بەڵکوو ڕووناکبیرێکی تێکۆشەر و کۆڵنەدەر بوو کە هەتا دوا دەمی ژیان لە پێناو ئازادی، ڕۆشنگەری و دادگەریدا خەباتی کرد و هەنگاوی هەڵهێنا.

ڕادیۆ زەمانە

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، نووسەری خەڵکانی هەژاری ڕۆژاوای ئێران کۆچی دوایی کرد.

## نیلووفەڕ ئەمرایی - وەرگێڕ

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، یادەوەرییەکی هەرمان لە بیر و مێشکی هەر هەموو ئەوانەیدایە کە لەگەڵ بەرهەمەکانیدا ژیاون؛ ئەو منداڵانەی کە لەگەڵ چیرۆکەکانی بە دوای سێ برادا بە نێو کووچە و کۆڵانەکانی گونددا ڕایان دەکرد و وێنەیەکی ئەوتۆیان لە خۆی و چیرۆکەکانی،لەسەر زەین نەخشە کە قەت گەردی زەمەن بە خۆوە ناگرێت و تێپەڕینی زەمەن ناتوانێت تەم و لێڵایی بخاتە سەر ئەو وێنە و دیمەنانە.

## بنکەی نووسەرانی ئێران

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، نە تەنێ پارێزەری شان و شکۆ و ڕێز و گەورەیی قەڵەم بوو، بگرە بە درێژایی ژیانی ئەدەبی، پاسەوانی ئازادیی پێنووس و نەیار و دژی ڕاستینەی سانسۆر بوو. ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، نووسەرێکی سۆسیالیست بوو و ئارمانجەکەیشی یەکسانیی و ئازادی.

شیاوی وتنە "ئەلی ئەشرەف دەروێشیان" ڕۆژی سێهەمی خەرمانانی ساڵی 1320ی هەتاوی (1941 زایینی ) لە کرماشان دیدەی لە ڕووی ژیان هەڵێناوە و ئێوارەی ڕۆژی 4ی گەلاڕێزانی 2717(26ی ئۆکتۆبەری 2017) دڵە بێگەردەکەی لە شارۆچکەی "عەزیمییە"ی سەر بە گەورە شاری کەرەج (ستانی ئەلبورز).لە لێدان کەوت و یادگارییەکانی وەکوو دیاری بۆ هەمیشە لە لا دانایین و لە گۆڕستانی بەهەشتی سەکینەی کەرەجدا بۆ هەمیشە سەری نایەوە.

" هەورە ساڵان" ، "چیرۆکی وان ساڵان"،"فەرهەنگی ئەفسانەکانی گەلانی ئێران" بە یارمەتی و هاوکاری ڕەزا خەندان،"ئاواتی قاقەزین"،" لەم هەرێمەوە"، "پەڕەمووچ"،"ئاوشووران"، "فەسڵی نان"، "هاوڕێی گۆرانییەکانی باوکم"، کۆمەڵە وتار، چلۆن و بۆچ، کورتە چیرۆکەکانی لەبەردڵانی لام لە 8 بەرگدا بە هاوکاری ڕەزا خەندان، بیرەوەرییەکانی سەفەرخان، یادەوەری سەمەد بێهڕەنگی، قامووسی کوردی(کەڵهوڕی)- فارسی، کتێبی بێستوون و سەمەد چووە ڕیزی نەمران، تەنیا ناوی چەند بەرهەمێکی ئەم گەورە نووسەرە دێنە ئەژمار.

بەشێکی فرە لە بەرهەمەکانی مامۆستا دەروێشیان لە لایەن دەیان نووسەر و وەرگێڕی کوردەوە کراون بە کوردی. نموونەی هەرە بەرچاویش کتێبەکانی "هەتاو" کە داگری کۆمەڵە کورتە چیرۆکێکی ئەم نووسەرەیە و مامۆستا "عەبدوڵڵا حەسەنزادە" بەرگی کوردی کردووەتە وەر و ساڵی 1990 چاپخانەی "حەوادیس" لە بەغا چاپی کردووە. ڕۆمانی دوو بەرگیی "ساڵانی هەورین"، بەرهەمێکی هەرە ناسراوی ئەلی ئەشرەف دەروێشیانە کە نووسەر و وەرگێڕی ناوئاشنای کورد "عەزیز گەردی" لە فارسییەوە بەرگی کوردی کردۆتە بەر و ئەم بەرهەمەیش ساڵی 2015 لە لایەن ناوەندی "غەزەلنووس"هوە لە سلێمانی لە چاپ دراوە، دیسانەوە عەزیز گەردی  بەرهەمی "ئەفسانە کوردییەکانی "ئەلی ئەشرەف دەروێشیان"ی کردووە بە کوردی. هەروەها "چیرۆکەکانی ئەو ساڵانە" کە نووسەر و وەرگێڕی کورد "شەریف فەلاح" بەرگی کوردی کردۆتە بەر و ئەم بەرهەمەیش ساڵی 1396ی هەتاویی(2017)لە لایەن چاپەمەنی "مانگ" لە بانە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. چاوەڕوانی دەکرێت لە داهاتوودا زۆربەی بەرهەمەکانی بکرێنە کوردی چونکە هەوێن و ناوەڕۆکی بەشی فرەی کتێبەکانی، کۆمەڵگەکەی خۆیەتی واتە کوردستان.

دەرەنجام:

ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، یەک لەو نووسەرە مەزنانەیە کە تا دوا دەمی ژین، سەربەخۆیی خۆی و پێنووسەکەی پاراست و بۆ دەستخستنی هیچ جۆرە دەسکەوتێک ئامادە نەبوو لە سەنگ و قورسایی پێنووس و کەسایەتی خۆی کەم بکاتەوە و هەردەم خامە و قەڵەکەمەی لە خزمەت ڕۆشنگەریی و ئازادیی و دادگەریدا بوو. نووسەرێک بوو کە بوێرانە بەرەنگاری دیاردە چەوت و کرێتەکان دەبووەوە و هەمیشە دژ بە سانسۆر دەینووسی و ئەوەی دەیخستە سەر ڕووپەڕی قاقەز، لە ناخەوە بڕوای پێی هەبوو. بۆیە بە لای زۆربەی ڕووناکبیرانەوە دەروێشیانی نێو بەرهەمەکانی، هەر هەمان خودی کەسایەتی دەروێشیان بوو و ناتوانیت جیاوازی لە نێوان ئەو دووەدا بکەیت. هەر لەبەر ئەو هەست و نەست پاقژ و مرۆیی و سەربەستەیە کە پاش مەرگیش، ئەوەندە خۆشەویستە و جێی ڕێزی هەر هەمووانە. ئەم جۆرە نووسەرانە هەر تەنێ بە جەستە بار دەکەن ئەگینا بیر و هزریان بۆ هەتایە دەمێنێتەوە و مردن هەرگیز ناتوانێت بە بۆتەی فەرامۆشییان بسپێرێت و بۆ هەمیشە بە نەمریی دەمێننەوە.

ژێدەر و سەرچاوەکانی ئەم بابەتە لای دوو حەوتەنامەی "لووتکە" پارێزراون.

بۆگەڕانەوە بۆ سەرەتا. کلیک بکەرە سەر

www.wtarikurd.info